پێشگۆتن

من دەستنڤیسا کاک ئازاد مزویری ب ناڤێ (قەدری جان- داهێنان و ولاتپارێزی) ڤەخویند. دلشادبووم، کو هەولەکا دن هاتەدان ژ سەخمەراتی رۆنڤەکرنا ئالییەکی هەری گرنگ ژ ئەفراندنێن پێشەنگەکێ شعرا نوی یا کوردی، کو بێی ناڤ و ئەزموونگەری یا قەدری جان هیچ بابەتەک و ڤەکۆلینەکا بنەجه و تەڤاف لسەر رێبازا ئەدەبیاتا نوی یا کوردی ناهێتەکرن ب تایبەتی د دیالێکتا کورمانجییا باکووردا.

قەدری جان، ئەو شاعرێ نیڤ خەمگین و نیڤ ئازریای، د هەلبەستێن خوە دا وەکهەڤیيا مافان و ڤیانا وەلات لسەر پێوەرێ نەتەوەخوازییا کورد هەڤسەنگ دکر، هەرچەندە پاراستنا ڤێ هەڤسەنگیێ پرسەکا پڕ ئالۆزە، سەختە، گرانە و ب ملێ هەر کەسەکی ڤە نایێ، لێ ئەوی ب درێژاییا زێدەتر ژ چل سالان سەلماند، کو ب رێیا شعرێ، کورتە چیرۆکێ، گۆتاران، وەرگەڕاندنێ ژ زمانێن دن، دکارە بەرگریێ ژ مافێن گەلێ خوە بکەو ببە ستوونەکا موکم دنیڤا سەدسالیا بیستێدا.

دکێمن، ئەو کەسێن وەلات کرییە شعرو ددلێ خوە دا هەلگرتی، و د وێ جڤاتا بژارە ژی دا، قەدری جانی جهێ خوە گرتییە و د خەلەکا هزرێن وی دا دۆزەکا مەزن تێ دیتن.

د بەشێ یەکەمێ ڤێ پەرتووکێدا پێنج بابەت ل دور ژینەنیگارو ویستگەهێن هەرە بەرچاڤێن ئەزموونا وی هاتینە رێزبەندکرن،

زێدەتر لسەر ژیان و ب سەرهاتییا وی راوەستیایە و بیرورایێن چەندین نڤیسکاران وەکە گرۆڤ و بەلگە دانینە بەردەست. پتر ژ هەمیان لسەر کێشەیا رۆژا، ئانکو سالا، ژ دایکبونا وی چوویە، هەتا داویێ دگەهتە وێ باوەرییا دلاوەر زەنگی پێ گەیشتی و د پەرتووکا خوەدا «نڤیسکاری کورد قەدری جان» دا تۆمارکری. لێ چما ئەڤ کێشەیە هندە مەزن بوویەو دەربارەی ژ دایکبونا شاعرەکی نویخوازێ مینا قەدری جانی کو گەلەک هەڤال و دوست و زارۆیێ وی هێشتا د ژیانێ دانەو ئەو ب خوە مامۆستا بوویە و ناسنامەو کارت و پەروەندێن وی هێشتا ل دەزگەهێن کارو تۆمارکرنێدا ماینە. هەروەکە دلاوەر زەنگی وێنەیەکێ پێناسەیا وی یا چاخێ قوتابی ل ئەنستیتویا مامۆستایان ل قونیە دکتێبا خوە یا ناڤبریدا بەلاڤکرییە لێ کاک ئازادی ئێماژە پێ نەکرییە.

دپشکا دوویی دا، پەیوەندییێن شاعری دگەل سەرکردێن کوردان، هەروەسا دگەل رەوشەنبیرو نڤیسکارێن کورد ژی کو هەڤچاخێ وی بوونە، خویا دکە.

دپشکا سێیەمدا کو بەرهەمێن شاعری ڤەدگریت، ئەو ژی ژ سێ پاشکۆیان پێکهاتییە:

پاشکۆیا یەکەم (٣٠) شعرێن قەدری جانی کۆم کرینە و پاشکۆیا دوویێ شعرێن شاعران یێن بۆ وی نڤیسین. پاشکۆیا سێیەم تایبەتە ب ئەلبوما وێنەیان ڤە.

ژ بلی هنەک کەم و کورتییێن بچویک ئەڤ پەرتووکە ژ بزاڤەکا پر ماندیبوون درستبوویە، و پێنگاڤەکا دجهێ خوە دایە ژ بۆ خرڤەکرنا سەرجەم دیوانا قەدری جانی کو پشکەکا کێم ژێ مایەو

رێیا پێگەهاندنا وێ گەلەک دەستخوەشبوویە. هەلبەتە ئەڤە ژی دێ بیتە کەلێنەک ژ تەڤایا بەرهەمێن وی یێن ئەدەبی و هزری کو ب هیمەتا خێرخوازێن قادا خزمەتا گەل و وەلاتی دێ ئەو ژی بهەڤڕا رۆناهیێ بینن.

لایەنەکی دی یێ هەری باش ئەوە کو ئەڤ پەرتووکە ب دیالێکتا کورمانجییا ناڤەڕاست هاتیە نڤیساندن و دەستکاری دتێکستێن شعراندا نەهاتیە کرن، مینا هنەک برادەر هەولا وێ چەندێ ددەن، لێ فەرهەنگۆکەکا پەیڤێن گران تشتەکی فەر و پێویستبوو، هەرچەندە شێوازێ قەدری جانی ب خوە گەلەکێ سڤک و رەوان و ئاسانە لێ هەبوونا دیالێکت و گۆڤەرێن مشە ڤی تشتی فەردکەت. لەورا مرۆڤ دکاریت بێژیت کو ڤێ پەرتووکێ دوو لایەنێن پەرتووکخانا کوردی (کورمانجییا باکوور- کورمانجییا ناڤەڕاست) پڕ کرنەڤە ژ بەرهەمێ ڤی شاعری، کو دخوینا مللەتێ خوە دا دژیت.

بەرە پێشین دەستخوەشیێ ژ نڤیسکاری دکەم، و هیڤیا دەمێن پڕ مفا و بەختەوەری بۆ خویندەڤانێن ڤێ ئۆغرا پڕ پەندو جام دخوازم.

ئەحمەد قەرەنی
هەولێر ٢٠٠٢/٧/٢٨

بەشی یەکەم

ژیان و بەسەرهاتی قەدری جان

ناوی تەواوی قەدری جان: (عەبدولقادر عەزیزجان)ە، خەڵکی کوردستانی باکوورە، لە سەروکانی رووباری دیجلە، لە گوندی (دێرک)ی سەر بە بناری چیای (مازی)، لە رۆخ کەنارەکانی شاری ماردین، چاوی بە دونیای رووناک و گەش هەڵێناوە، هەر وەکو خۆیشی لەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەدا دەریدەبڕێت:

دێرکا چایێ* مازی
وەلاتێ باڤ و کالە
لێ سەد هاوار و گازی
ژێ دوورکەتم چەند سالە
ئەز ل وێ هاتم دنێ
وێ دەرگوشێ، هەژاندم
هەی واخ هەی مالامنێ
دژمنان، ژێ رەڤاندم (١)

شاعیر هەر لە گوندی ناوبراو دەست بەخوێندن دەکات ودوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی، روو لە شاری ئەزمیر دەکاو لەوێدا درێژە بە خوێندنی خۆی دەدات، تاوەکو لەگەڵ هەڤاڵی زێدی

* چایێ: واتە چیا شاعیر زۆرجار ئەم وشەیەی بەم شێوەیە بەکارهێناوە.
١- نەوزاد، دێرک، گ: هاوار، ژ: ٢٤، شام، ١٩٣٢، ل٧ .

خۆی (رەشیدێ کورد ۱۹۱۰-۱۹٦۸) بڕوانامەی مامۆستایی (دارالمعلمین) لە ئەزمیر بەدەست هێنا، پاشان لەئەسکەندەرونەو ئەنتاکییێدا وەک مامۆستا دادەمەزرێت.

ئەگەر چاوێک بەو وتارو نووسینانەدا بخشێنین، کە لەسەر قەدری جان نووسراون، دەبینین لەبارەی ژیان و لەدایک بوونی گەلێک راوبۆچوون هەن کە تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی بابەتییانە بۆمان ساغ نەبۆتەوەو خۆیشی بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژەی پێ نەکردووە، ئەگەر چی لەو هەڵبەستەی سەرەوەیدا باس لە ژیان و بەسەرهاتی خۆی دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە مێژووی لە دایکبوونی خۆی ناکات.

جا لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەو راوبۆچوونانە بخەمەبەرچاو کە تاوەکو ئێستا گوتراون، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی مێژووی لەدایکبوونی روون بکەمەوە.

یەکێ لەو نووسەرو رۆشنبیرانەی کە باس لە ژیان و دایکبوونی دەکات خانمی رۆشنبیرو ناسراوی کورد (رەوشەن بەدرخان)ە کە لە کتێبەکەی خۆی:(صفحات من الادب الكردي)دا دەڵێت: «قەدری جان هەڵبەستڤانەکی نوێخوازو پەیڤ و رامان نازکە، ساڵی ۱۹۱٦ لە کوردستانی تورکیا لەدایکبووە).[۲] دکتۆر (عیزەدین مستەفا رەسووڵ)یش هەمان بۆچوونی سەرەوەی هەیە، بەڵام لەپەراوێزی یەکێک لە وتارەکانیدا کە ساڵی ۱۹۷۲ بەناونیشانی (بۆ مەرگی قەدری جان)، لە رۆژنامەی (ژین) بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت:

۲- روشن بدرخان، صفحات من الادب الكردي، بيروت، ۱۹٥٤، ص٥٨

«لەهەندێ شوێندا ساڵی لەدایک بوونی بە ١٩١٦ دانراوە، ئەمە ئەگەر تەواویش نەبێ لە راستییەوە نزیکە»[٣].

هەروەها (ئەدیب نادر)یش رایەکی تری هەیە کە دەڵێت: «قەدری جان لەساڵی ١٩١١ لە دایک بووە»[٤] دیسان نووسەر (رەڤەند توفی)ش هەمان رای هەیە.[٥] مامۆستای خوالێخۆشبوو (مستەفا نەریمان)یش لەسەر ئەم بابەتە رای خۆی هەیە، و دەڵێت: «قەدری جان لە ساڵی ١٩١٤ لە دایک بووە»[٦]. «ڤازگال بازید»یش دەستی لە ژیان و بەسەرهاتە تەمومژاوییەکەی شاعیر هەڵنەگرتووە، کە بە راشکاوی دەڵێت: «قەدری جان لەساڵی ١٩١٣ لەدایک بووە».[٧]

بەڵام (دلاوەرێ زەنگی) وتارێکی لەسەر شاعیر نووسیوەو بە شێوەیەکی زیرەکانە خۆی خستۆتە ناو قووڵایی بەرهەمەکانی شاعیرو لەئەنجامدا چیرۆکێکی، بە ناوی (سەرئەنجام)هەڵبژاردووە کە لە ساڵی ١٩٤٣لەلان شاعیرەوە بڵاوکراوەتەوە تیایدا زەنگی ئاماژە بەوە دەکات کە قەدری جان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مێژووی لە دایک بوونی خۆی تۆمار کردووە، کاتێک شاعیر

٣- دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بۆ مەرگی قەدری جان، ر: ژین، ژ: ٨٤، ١٩٧٢ ٤- اديب نادر، بين البارزاني و قدريجان، مجلة: (مەتین)، العدد: ٣٠، دهوك، ١٩٩٤، ص٧٠ .

٥- رەڤەند توفی، قەدری جان، گۆڤارا: مەتین، ژ: ١٤، دهۆک، ١٩٩٢، ل١٩ .

٦- مصطفی نەریمان، بۆ سوودی گشتی، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٧، ١٩٩١ ل١٣٤ .

٧- ڤازگال بازیدی، وەلاتپارێزێ دلسۆز قەدری جان، و:مصدق توفی، ر: پەیمان، ژ: ٤٧، دهۆک، ١٩٩٦ .

دەڵێت: «ئەو پەلێن کو ژ کتێبا ژیانا من هاتنە چراندن، ئیرۆ پەرچێن وان یێ رزیایی بەرەڤەدکەم، ب هەڤ دزەلقینم... دخوازم ژ وان، کتێبا بەختیاریێ چێبکەم. سۆند... گونەه... رۆژێن دەرباسبوویی... سەرئەنجام... هەر یەک ژڤان، ژ کتێبا ژیانا منا حەزین رووپەلەکی رەنگینن. لێ رەنگین دبن، زەنگین دبن... دیسان پەلێن چریایی و رزیایی نە... سەرئەنجام ژی رووپەلەک ژ وان پەلانە...».[8] ئەوەی جێگای سەرەنج بێت لەم رستانەی سەرەوەدا ئەوەیە کە هەموو بەرهەمەکانی قەدری جان رەنگدانەوەی ژیان و بەسەرهاتەکانییەتی هەر وەکو لە چیرۆکی سەرئەنجامدا، کە بەسەرهاتی مردنی براکەی خۆی بە ناوی «فەتحی» دەگێڕێتەوەو لە سەرەتاکەیدا دەڵێت «بەری بیست وپێنج سالان بوو»[9] کە رووداوەکە روویداوە، پاشان درێژە بە چیرۆکەکە دەدات و دەڵێت: «تەمەنم لەنێوان ٦-٧ سالی دەبوو»[10] ئەگەر ئێمە بۆ بیست و پێنج ساڵ بگەڕێینەوە، واتە لەساڵی ١٩٤٣وە بەرەو پاش، بەلێکدانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا براکەی لەساڵی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە، بە دەرکردنی ٦-٧ ساڵ لە ساڵی (١٩١٨)دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە قەدری جان لە نێوان ساڵانی (١٩١١-١٩١٢)دا لەدایک بووە، بەپێی ئەم بۆچوونانەی کە باسمان کردن (رەوشەن بەدرخان و د. عیزەدین) بە هەڵە چووینە چونکە من پێم وایە هیچ کەسێک لەتەمەنی دووساڵیدا لە توانایدانییە بیر لەمردنی برای خۆی بکاتەوە. هەروەها رایەکەی (مستەفا

(٨،٩،١٠)- قەدری جان، سەرئەنجام، گ: رۆژانوو، ژ:٢، بیروت، ١٩٤٣، ل٤ . (لاتینی)

نەریمان)یش تاڕادەیەک لەگەڵ بۆچوونەکەی (ڤازگال بازیدی) نزیکە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن بۆچوونەکانی ئەمانیش لاواز دەبنەوە، تەنها بۆچوونەکەی (دلاوەرێ زەنگی) بەراست دەزانرێت، چونکە بە قووڵی چووەتە ناو بابەتەکەو راستییەکەی بۆ دەرکەوتووە، جگە لەمەش لەگەڵ بۆچوونەکانی (رەڤەند و ئەدیب) یەکدەگرنەوە، بەڵام من پێم وایە (رەڤەند توڤی) بۆچوونەکەی لەسەرچاوە نوێیەکان وەرگرتووە، بەبەڵگەی ئەوەی لەو دووسێ وتارەیدا کە لە رۆژنامەی هاوکاریدا لە مەڕ قەدری جان بڵاویکردونەتەوە، ساڵی لەدایک بوونی بە ١٩١٦ داناوە، کاتێ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هاوار کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٣٢ بڵاوکراوەتەوەو قەدری جان بەشداری تێدا کردووە، جابەپێی ئەم ساڵە واتە «١٩١١-١٩١٢» تەمەنی شاعیر ٢١ ساڵ بووەو لەو تەمەنەشدا، دەتوانین بڵێین تەمەنێکی شیاوە بۆ هەبوونی بەهرەی داهێنانی هزری و بڵاوکردنەوەی نووسین.

بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم رایەش زمانزان و شاعیری کورد «رەشیدێ کورد» کە لەگەڵ قەدری جان خەڵکی یەک گوندبوون و هەڤاڵی خوێندنی بووە، لە ساڵی ١٩١٠ لە دایک بووە، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە تەمەنیان لەیەک نزیک بووە.

لە ئەنجامی تاوتوێکردنی ئەم هەموو راو بۆچوونانەی کە پێشتر هەر کەسێ بەپێی زانست و تەقەڵای خۆی ئاماژەی بۆ ژیانی و بەسەرهاتی قەدری جان کردووە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە لە ساڵی ١٩١١ لە دایک بووە.

ژیان و گوزەرانی شاعیر لە ئاستێکی بەرزدا بووە، ئەمەش لەبەر

ئەوەی باوکی بازرگان بووە، لەتەمەنی مامۆستایەتیشدا کچێکی خەڵکی ئەستانبوولی خواستووە، کە ناوی نیلوفەر بووە،[١١] کە دەکاتە کچی «عەلی عوسمان بەگ»و لەبنەچەدا تورکە، لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٩)ش گواستیتەوە، لە دوای خۆیدا دوو کورو کچێکی بە ناوی (مزگێن وسەروەرو شیرین) بەجێ هێشتووە، کە ئێستا شیرین لە سووریا خەریکی کاری نوژدارییە.[١٢]

شاعیر لەو کاتەی قوتابی بووە شەیدای خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی بووە، بۆیە خۆی پێ نەگیراوەو لەگەڵ هەڤاڵەکەی (رەشیدێ کورد) بەرەو جزیرە دێن، بۆ ماوەیەکی کەم لەوێ دەمێننەوە، پاشان بەرەو سووریا دەکەونەڕێ، لەسەر مێژووی هاتنی قەدری جان بۆ سووریا گەلێک رابۆچوون هەن، هەندێکیان ساڵی ١٩٣١،[١٣] ١٩٢٩،[١٤] ١٩٢٨،[١٥] یان بۆ دانـاوە، بەڵام شاعیر لەیەکێک لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم مێژووە دەکات و لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٥٢ دێنێتە بیری خۆی و دەڵێت: «بیست وپێنج ساڵ لەمەوبەر خۆم لەئامێزی سیاسەتا بینییەوە، لەبەر ئەوەی ناچاربووم لە باوک وبرایەکانم

١١- ڤازگال بازیدی، سەرچاوەی پێشوو.

١٢- دلاوەرێ زەنگی، هەلبەستڤان و نڤیسەرێ داهێنەر قەدری جان، و: محەمەد عەبدوڵلا، گ: رامان، ژ: ٥٤، ٢٠٠١، ل٣٧.

١٣- اسماعیل بادی، قەدری جان.. هەڤبەندی.. و هوزان، گ: گازی، ژ: ٣٢، دهۆک، ١٩٩٧، ل٣١.

١٤-شعبان مزیری، «قەدری جان» ئوکارێ داهێنانا هوزانێ، گ: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٤٣، ١٩٩٩، ل ٧٤.

١٥- دلاوەرێ زەنگی، سەرچاوەی پێشوو. ل٣٦.